دوو حاڵەتی تووشبوون بە تای خوێن بەربوون لە ئاکرێ تۆمار کرا

تەندروستیی ئاکرێ دوو حاڵەتی تووشبوون بە نەخۆشیی تای خوێنبەربوونی لە قەزاکە راگەیاند.

ئەمە چوارشەممە ، تەندروستیی ئاکرێ راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە، تێیدا هاتووە، دوو حاڵەتی نەخۆشیی تای خوێنبەربوون لە قەزاکە تۆمارکرا، تووشبوەکیان تەمەنی 48 ساڵ بوو و دوای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەیەکی دهۆك و پاشان بۆ نەخۆشخانەیەکی هەولێر، دواجار گیانی سپارد.

هەروەها تەندروستی ئاکرێ راشیگەیاند، تووشبووی دووەم، تەمەن 60 ساڵە و تەندروستیی جێگیرە و رەوانەی ماڵەوە کرا.